کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-11-2007 16:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لەجیهانێکی بێ زمان دا هاتمەزمان ... نەبەز**

**ژیاننامەو سایتی هونەرمەند ی ناسراو بەتوانا نوێنەر ئەحمەد**
www.myspace.com/nwenarmusic

نوێنەر ئەحمەد لەسالی 1981 لەشاری هەڵەبجەلەدیک بووە، لەبەر هۆکاری بۆمب باران لەسالی 1984 دەبو هەڵەبجەبەجێ بهێلێت، نوێنەر سێ براو یەک خوشکی هەیە، لەسالی 1999 دا دەستی بەنوسینی شیئرو هۆنرراوەکردوە، هەمو شیئرو هۆنرراوەی گۆررانییەکانی لەنوسینی خۆیین، نوێنەر لەسەردەمی پێشمەرگاییەتی دا دەستی بەکاری هونەری و گۆرانی وتن کردوە، لەسەخت ترین و دژوار ترین رۆژگاری کورد و تەمەنی خۆیدا بەتفەنگ و خامەو دەنگی زوڵاڵی کاری بۆ سەر بەستی نیشتیمان دەکرد، هەر لەو کاتانەوەتا ئێستا بەردەوامەلەکاری هونەری مۆسیقاو گۆرانی بەراشکاویی و سەرکەوتووانە، بەتایبەتی گۆررانی و گیتار ژەنی، نوێنەر ئێستا لەشاری سلێمانی کۆرسی فێرکردنی ئامێری گیتار دەڵێتەوە، نوێنەر نەیتوانی خوێندن تەواو بکات لەبەر بارو دۆخی کوردستان و ژییانی پێژمەرگاییەتی و سەختی و نەهامەتی سەردەمی خۆی، بەڵام لەچەند سالی ڕا بردو دا توانی لەرێگەی خوێندن و خوێندنەوەی تایبەتو سەر بەخۆوەئاستی رۆشنبیری و خوێندنی بەرز بکاتەوە، هەر بۆییەهونەرمەند لەوتەییەکی دا دەڵێت (لەجیهانێکی بێ زمان دا هاتمەزمان) لەتەمەنی 18 ساڵی دا وەکو گۆرانی بێژ ناسرا، لەتەمەنی 19 ساڵی دا (پەروێز ئەحمەد) کەیەکێکەلەهەرەمۆسیقی و ئەکادیمییەکانی کورد پێی گوت کەنوێنەر لەکاری هونەری دا سەرکەوتووەو دەبێت بەردەوام بێت، (گیتارو مۆسیقای فلامینکۆ) گەورەترین دەستپێکی هەڵبژاردن بون بۆ نوێنەر، ژییانی نوێنەر خۆی و خێزانەکەی واتەدیک و باوک و خوشک و براکانی باشترین هاندەر بون، زۆربەی کاتی خۆی بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی هونەری بەمۆسیقاوەبەسەر دەبات، ئێستا ئاستێکی بەرزی لەمۆسیقاو هونەری کوردی دا هەییە، پەیوەندییێکی باشی لەتەک چەند کەسانێکی مۆسیقی و شارەزا لەکاری مۆسیقادا دروست کردوە، بارو دۆخی کوردیستان گۆرانکاری بەسەردا هات ئەوەش باشترین هەل بو کەتوانای مۆسیقی و هونەری خۆی بەرز تر کردووە، هەتا توانی توانای هونەری وەک (گۆرانی بێژ و گیتاریست) بەکار بهێنێت، لەو کاتەوەی کەمۆسیقا بوییەگەورەترین ئەستێرەی ئاسمانی نوێنەر، باشترین و جوانترین ئەلبومی کەوتەبەر دەست لا بیەنگران و دۆستانی هونەری بەرزو بەرێزی کوردی، پاش ئەوەی کەنوێنەر گۆرانییەکانی کردەڤید یۆ کلیپ بوییەباشترین و ناسراو ترین هونەرمەندی لاوی کورد .




بەریتانیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.